

ئایرۆنی

جبار سابیر

# گەر من حکومەت بام

گەر من حکومەت بام ئالەم چلەی هاوینەدا هەر کەسێك چوار بەتانیو دوو لێفەم دەدایەو پێم دەوت دەبێ شەو بیدەی بەخۆتا تا بۆن کرۆزت ئاسمان پڕکات، چونکە ئێمە لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا گەرمای زۆرمان چەشتووە بۆئەوەی ئێوەش لەوە تێبگەن کە ئێمە ئێستا بۆچی ئەوەندە ئەخۆینو حساب بۆ خەڵك ناکەین. گەر من حکومەت بام بەم چلەی هاوینە بۆیەك چرکەش کارەباو ئاوم نەدەدایە خەڵك چونکە ئێمە لەو شاخو کێوانە نەکارەبامان هەبوو نەئاوی بەلوعە. گەر من حکومەت بام نەم دەهێشت هیچ شۆفێرێك بەوەستانی سێ شەو لەبەردەم بانزینخانەکاندا بەنزین وەرگرێتو دەبوو یەك مانگ خەڵکم بۆ بیست لیتر بانزین بوەستاندایە. ئەمەش لەبەر ئەوەی شانی خەڵك هەڵیدەگرێتو قبوڵی دەکات، چونکە من ماڵە مەسئلێك دەزانم لەو دیو ئەزمرەوە یەك کۆشکی گەورەی بنیاتناوەو یەك محاویلەی تایبەتی کارەبایان بۆ داناوە.

گەر من حکومەت بام لەکوشندەی سەرمای زستاندا یەك لیتر نەوتم دەگەیاندە سەد دۆلار، تاخەڵك لەسەرماندا رەق بێتەوەو بچێتە گۆڕی ئەژدادییەوە، گەر من حکومەت بام هەموو ساڵێك سێ تا چوار هەڵبژاردنم دەکرد تاخەڵك وەك مێگەل دوای کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانمان کەون بۆ دەنگدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو دواتریش هەر شارەوانییەکەی ساڵی دوو هەزار ئەم شارە پڕکات لەچاڵیو چۆڵی. گەر من حکومەت بام یەك کیلۆ گۆشتی حەیوانو مریشکم دەگەیاندە بیست دۆلارو بیتاقەی دوکتۆریشم دەگەیاندە پەنجا دۆلار بۆ ئەوەی خەڵك لەبێ گۆشتیدا شەو کوێر بێتو یەکسەر نەخۆشیش رەوانەی ئەو دنیای کات. گەر من حکومەت بام لەبری چلو حەوت وەزیر چلو حەوت هەزار وەزیرم دادەنا تا پاداشتی هەموو فەوجە خەفیفەو مستەشارو تەواوریو رەفیقە حزبییەکانیش بدەمەوە چونکە ئەوان زۆر کورد پەروەر بوون گوناهە پلەی وەزیری یاخود مدیر عامییان نەدرێتێ.

گەر من حکومەت بام زۆر شتیتریشم دەکرد بەڵام ئەوەی وەك ئەولەویاتی کارەکانم دەمکرد ئەوە دەبوو کە هەموو شەوێك دوو پۆلیسم بۆ هەر ماڵێك دەناردو یەکی تێلایەکم دەدانێو دەمووت هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان دارکارییبکەن تا خەویان لێدەکەوێت، ئەوەندەم ئەم تێلاکارییە دووبارە دەکردەوە تا لەوە تێبگەم جامی سەبری ئەم خەڵکە کەی پڕ دەبێتو کەی لێم یاخی دەبێتو راوم دەنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم، دواتر شتێکی تریشم دەکرد هەموو بەیانیانێك رێگەم بەهەموو پیاوانی ئەم وڵاتە دەگرتو پێم دەوتن وەرن بزانم ئەمشەو چەندتان کردووە باجەکەی بدەن! چونکە ئێوە لەسایەی دەسەڵاتو دڵنیایی مەملەکەتی ئێمەدا ئەوەندە دەپەڕن بوونەتە کەروێشك.

jabardllopa@yahoo.com

نیگا بەکر:

# هەموو کارێکی جوان هەوێنی عەشقێکی قوڵە

نیگا بەکر لەساڵی ١٩٨٢ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ٢٠٠٠ دا دەستی کردووە بەنووسینی شیعر لەساڵی ٢٠٠٤ ، کاری لەدراما کردووە،هەر بۆ ئەم مەبەستە رۆژی گەل بەپێویستی زانی ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبداتو چەند پرسیارێکی ئاراستە بکات.

پرسیار: لە ناخی نیگادا لە نێوان شیعر و درامادا کامیان خولیاو کامیان بەهرەن ؟

وەڵام/ چەند جارێکی تریش ئاماژەم بەوە داوە کە شیعر هەست وهۆشی داگیر کردووم، بەڵام دراما خولیایەك بووە کە هەر لەمنداڵیەوە حەزم بەوەکردووە لەژیانی رۆژانەشمدا تەمسیل بکەم.

پرسیار: لە شیعرەکانتدا خاوەنی هەستێکی عاشقانەیت، ئایا هەمان عەشقت بۆ نواندن هەیە؟

وەڵام/ هەموو کارێکی جوان هەوێنی عەشقێکی قوڵە، من ئەگەر بەعەشقەوە شیعر نەنووسم مانای ئەوەیە باڵندەیەکم وناتوانم بفرم. بۆ دراماش هەمان عەشقم هەیە وتوانیومە بەشێك لە ژیانی خۆمی پێ ببەخشم.

پرسیار: وەك ئەکتەرێکی کچ ئایا هیچ ئاستەنگێك لەبەردەم کارەکانتدا هەبووە؟ ئایا هەست ئەکەیت لە ئێستادا جیاوازی مابێت لەکارکردندا بۆ کچێك ؟

بێگومان هەڵسوکەوتمان لە درامادا جۆرێکە لەئاستەنگی لە بەردەممانندا. بەڵێ جیاوازیش هەیە چونکە ئێمەی کچ ناتوانین لەبەر چاوی کامێرادا بەپێی پێویست نواندن بکەین چونکە ئازاد نین تەنانەت لە جەستەی خۆشمان.

پرسیار. ئێستا بەچیەوە خەریکی؟، بەنیازی بەردەوامبی لەکاری درامی ؟

وەڵام. لەئێستادا خەریکی نوسینی قەسیدەیەکم کە باران تیایدا ئەوگوناهانەئەشواتەوەکە نەمان کردوون.. وەك دراماش بەڵێ بەردەوام ئەبم.

پرسیار: دوا وتەت چییە بۆ خوێنەران؟

وەڵام/ زۆر سوپاسی هەفتەنامەی (رۆژی گەل) دەکەم، بەهیوام هەمیشە سەر کەوتوو بێت

**دیدار/ رۆژگار محسین**



# چەقۆیەکی ٢٤ سم لەگەدەی مرۆڤێك دەردەهێنرێ



لەنەخۆشخانەی ئۆزیك لەسربیا پزیشکەکان توانیان لەنەشتەرگەریەکدا کە ٥ کاتژمێری خایاند، چەقۆیەکی ٢٤ سانتیمەتری، ٢ کەوچکی چێشت خواردن، ٨ بزمارو دەیان قولابە لەگەدەی نەخۆشێك دەربهێنن.

دکتۆرەکان لەوە سەریان سوڕمابوو کە چۆن راتکۆ دانکۆڤیچی ٢٣ ساڵە توانیوێتی ئەو هەموو شتە قوت بداو نەمرێ.

سەبارەت بەم رووداوە ئەلێکسەندەر تادیك، ٢٥ ساڵە، هاوڕێی دانکۆڤیچ گوتی: ئێمە خەریکی خواردنەوە بووین، دانکۆڤیچ مەستو سەرخۆش بوو، گوتی من دەتوانم ئەم چەقۆیە قوت بدەم، ئێمە گاڵتەمان پێکرد، گوتمان: ئەگەر ئەو کارە بکەی ١٠ (پاوەند)ت پێدەدەین، ئەویش بۆ بردنەسەری قسەکەی خۆی چەقۆکەو ٢ کەوچكو ٨ بزمارو دەیان قولابەی قوتدا، موعجیزەکە لەوەدابوو ئەوانەی قوتداو نەمرد.

دانکۆڤیچ دوای بەهۆش هاتنەوەی رایگەیاند کە ئەو هیچی بەبیرە نایێو تەنها هەست بە ئازارێکی زۆری گەرووی دەکات.

# دوو زیندانی ٥ کاتژمێر لەدوای ئازادبوونیان، دەستگیر دەکرێنەوە

دوو زیندانی ئیتالیایی کە بەهۆی لێبووردنەوە ئازاد کرابوون، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی شادیو خۆشیان سازکرد، بەڵام لەنێو ئاهەنگەکەدا لەگەڵ پۆلیس بەشەڕهاتنو دەستگیر کرانەوە.

ماسیمیلیا نوفۆر ٣٢ ساڵە، ریمۆندۆ مۆنتۆنی ٢٨ ساڵە کە بەهۆی چۆڵ کردنی زیندانەکەیانەوە، وەبەر لێبووردن کەوتبوونو ئازاد کرابوون، ویستیان ئاهەنگێکی گەورە سازبکەن. ئەوان چاوەڕوانی گیرانیان نەدەکرد، بەڵام چونکە لەئاهەنگی خۆشیدا شەڕو ئاژاوەیان دروست کرد بەرەو زیندانیان گێڕانەوە.

هەفتەی رابردوو ١٢ هەزار زیندانی لەئیتالیا بەهۆی لێبووردنێکی مەرجدار ئازاد کران، هەر زیندانیەك ئەگەر لەماوەی ٥ ساڵدا تاوانی دیکە بکات لێبووردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە. لێبووردنی ئەو دوو زیندانیە تەنیا دوای ٥ سەعات هەڵوەشایەوە.

# کوردستانەکەم



ئەی کوردستانەکەم ئەی نیشتمانە[illegible]
ئەی ئازادی خوازی هیوای گەلەکەم
تۆ بڕبڕەی پشتی میللەتی کوردی
تۆ گوڵاوی بۆن خۆشی شەهیدی
تۆ بابو باپیرو ئەسڵانی من بووی
تۆ گوڵاڵە سوورەی بەهاری من بووی
لەقوتابخانەدا خەیاڵم لای ئازادیایە
خەیاڵم لای سەربەخۆیی میللەتمایە
خۆم شەهید دەکەم لە پێناوی ئازادی
سەربەخۆیی بۆ کوردستانو خۆشی بۆ میلەتم
شیعرت پیا هەڵدەدەم بەلێزانی خۆم
دەڵێم دەمێکە چاوەڕوانی ئازادی تۆم
ئەوەندەی گورگان گۆشتیان دەوێ
من سەد ئەوەندە کوردستانم خۆش دەوێ

پەیام

# خالۆ ئەواکس دەڵێ

* باسی کەسێکیان بۆ کردووم، چونکە خزمی بەرپرسێکە، سێ مانگە لەشارەوانی دامەزراوە، تەنیا ٩ رۆژ دەوامی کردووە، واتە مانگانە سێ رۆژ دەوام دەکات!!، بەڵام پارچە زەویەکی پێدراوە، ئامادەنییە بەسێ دەفتەر دۆلار بیفرۆشێ.

* سکرتێری حزبێك چووبووە لای بەرپرسێکی گەورە، پێی گوتبوو: ئیمزای ئەوەم بۆ بکە تا چیمەنتۆ لەسوریاوە بۆ هەرێمی کوردستان بهێنم. ئێستا لەبەر هێنانی چیمەنتۆ ئاگای لەحزبایەتی نەماوە.

* ئەو حزبانەی ژێراوژێر بەدەستەڵاتەوە گرێنەدرابن، ئەگەر سەد جاران داوای دیداری سەرۆکی حکومەت بکەن، بەبیانۆی نەبوونی کاتەوە پێشوازیان لێناکرێ، وەڵامی داواکانیشیان نادرێتەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا شاندی لایەنێك کە لەسەرەوە بەحزبی هێنەوە گرێدراون، زۆر بەئاسانی کاتی دیداریان بۆ رەخسێنرا، سەرۆکی حکومەت کاغەزی سپی لەپێشدانابوون، گوتبووی: ئێوە داواکانی خۆتان بنووسنو منیش ئیمزای دەکەم.

* ئەو پۆلیسەی کە بەتۆمەتی دوو نارنجۆکەکەی بنکەی ئاگرکوژێنەوە گیراوە، رۆژانە خواردنی خۆشی بۆ دەبردرێتە ئەو ژوورەی کە تێیدا راگیراوە. دەڵێن: پێی گوتراوە، ماوەیەکی دی دەتبەینە دادگە، سزای گرتنت بۆ دەردەچێ، بەڵام دوایی لێبووردنێك دەردەچێو لەزیندان ئازاد دەکرێی!!.

* بەرپرسێك بەبڕوانامەی شەشەمی ئامادەیی (ساختە) کە لەرۆژهەڵات بۆی دروست کرابوو، پارساڵ لەکۆلیژی..... لەهەولێر وەرگیرا، سەرکەوتووانە پۆلی یەکەمیشی بڕی!!.

# پێشبڕکێیەکی سەیر



ساڵانە لەدوڕگەی شیوشانی سەر بەپارێزگای دایشانی وڵاتی چین لەرۆژی ١٨-٧-٢٠٠٦ پێشبڕکێیەکی سەیر بەڕێوەدەچێ، هەزاران خوێندکاری زانکۆو گەڕۆكو ماسی گرەکانی ناوچەکە لەدوڕگەکە کۆدەبنەوە، هەموویان خۆیان لەقوڕو لیتە هەڵدەسوون، پاشان چەندین پیاو کە ژنەکانی خۆیان لەکۆڵدایە لەنێو قوڕو لیتەیەکی خەستدا کێبەرکێ دەکەن، ئەوەی لە پێشبڕکێیەدا یەکەم بێ خەڵات دەکرێ.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com